# غمبر خودا صلى الل عل وسلم هردوو دستكان هتاوو ئاست شانان برزدردو: ئر نو داببستا

له‌ ئیبن عومه‌ره‌وه‌ -ڕه‌زایان خوای لێبێت- ده‌ڵێـت: «پێغه‌مبه‌ری خودا -صلى الله عليه وسلم- هه‌ردوو ده‌سته‌كانی هه‌تاوه‌كو ئاستی شانه‌كانی به‌رزده‌كرده‌وه‌: ئه‌گه‌ر نوێژی دابه‌ستایه‌ (ده‌ستی به‌ نوێژ بكردایه‌ - ته‌كبیره‌ی ئیحرامی^ بكردایه‌-)، وئه‌گه‌ر ته‌كبیره‌ی بكردایه‌ بۆ ڕكوع بردن، وئه‌گه‌ر سه‌ری له‌ ڕكوع بردن به‌رز بكردایه‌ته‌وه‌ ؛ به‌ هه‌مان شێوه‌ ده‌سته‌كانی به‌رز ده‌كرده‌وه‌، وده‌یفه‌رمووو: (سَمِعَ الله لمن حَمِدَهُ رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْدُ)^^، وله‌ كاتی سوجده‌ بردندا ئه‌مه‌ی نه‌ده‌كرد». ^(ته‌كبیره‌ی ئیحرام: یه‌كه‌م -الله أكبر-ه‌ كه‌ ده‌ووترێت بۆ ده‌ستپێكردن به‌ نوێژكردن)، ^^(خودا وه‌ڵامی ئه‌وانه‌ ده‌داته‌وه‌ كه‌ حه‌مد وسوپاسی ده‌كه‌ن، ئه‌ی خودایه‌ (حه‌مد وسوپاس ته‌نها بۆ تۆیه‌

[صه‌حیحه‌] [بوخاری و موسلیم هاوڕان له‌سه‌ری]

پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- له‌كاتی نوێژدا ده‌سته‌كانی به‌رز ده‌كرده‌وه‌ هه‌تاوه‌كو ئاستی شانه‌كانی ؛ له‌ سێ شوێندا، شوێنی یه‌كه‌م: ئه‌گه‌ر ده‌ستی به‌ نوێژ بكردایه‌ له‌كاتی ووتنی ته‌كبیره‌ی ئیحرامدا. شوێنی دووه‌م: ئه‌گه‌ر ته‌كبیری بكردایه‌ بۆ ڕكوع بردن. شوێنی سێیه‌م: ئه‌گه‌ر سه‌ری به‌رز بكردایه‌ته‌وه‌ له‌ ڕكوع بردن وبیوتایه‌: (سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد). ده‌سته‌كانی به‌رز نه‌ده‌كرده‌وه‌ ؛ نه‌ له‌سه‌ره‌تای سوجده‌ بردن ونه‌ له‌كاتی به‌رزبوونه‌وه‌ له‌ سوجده‌.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3095

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee